هەرکەسێک پەیمانپێدراوێک (موعاهەدێک) بکوژێت ؛ ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک پەیمانپێدراوێک (موعاهەدێک) بکوژێت ؛ ئەوا بۆنی بەهەشت ناکات، ئەگەرچیش بۆنی بەهەشت دەکرێت لە دووری چل ساڵەوە (بە ڕێکردن)».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەڕەشەیەکی توند دەکات لەسەر ئەوەی موعاهەدێك دەکوژێت -موعاهەد: ئەو کافرەیە کە پەیمانی لەگەڵدا بەستراوە، ولە وڵاتی خۆیەتی نە دژی مسوڵمانان دەجەنگێت ونە مسوڵمانانیش لەدژی دەجەنگن-، هەڕەشەکە ئەوەیە بۆنی بەهەشت ناکات ؛ ئەگەرچیش بۆنی بەهەشت دەکرێت لەدووری چل ساڵەوە بەڕێکردن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64637